باس



حەمەسەعید حەسەن

# نووسەری گەورە و خوێنەری نیگەران

(مرۆڤ وەک چۆن کە سەیری ئاوێنە دەکات، ددانی خۆی دەبینێت،
ئەگەر بیر بکاتەوە، دەتوانێت چاودێریی ئاوەزی خۆیشی بکات.)
ئۆرهان پاموک

لە کۆتایی سالانی شەستەوە، ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسم، ئەوە چل ساڵە سەرقاڵی ڕەخنەی ئەدەبیم. یەکەمین ڕەخنەی ئەدەبیی من، خوێندنەوەیەک بوو بۆ کۆمەڵەشیعری (ناسۆری دەروون)ی (ع. ح. ب) کە لە کۆتایی سالانی شەستدا، لە (برایی)دا بلاو کرایەوە. لەوساوە تا ئێستا، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەیان کتێب و نامیلکە و سەدان بابەتم چاپ و بلاو کردووەتەوە. لەسەر شیعری هاوچەرخم نووسیوە، چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و هی بێگانەم بەسەر کردووەتەوە. تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا، سێ کتێبم: (ڕۆشنبیر و دەسەلات، تاڤگەیەک لە زیو و بەفر و گڕکان) کە تایبەتن بە ڕەخنەی ئەدەبی، پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و هاکا کتێبی چوارەمیشم کە ئەویش هەر تایبەتە بە ڕەخنەی ئەدەبی، بلاو کرایەوە. هەرچەندە ڕەخنەم لە بەرهەمی دەیان، ئەگەر نەڵێم سەدان، نووسەر و شاعیری کورد و بێگانە گرتووە، کەچی زوو زوو، دەنووسن و دەڵێن: کورد نە ڕەخنەگری هەیە، نە ڕەخنەی ئەدەبی!

وەک چۆن بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، سەیری بەرهەمی شاعیران و نووسەرانم کردووە کە بە هەمان چاوی ڕەخنەگرانەوە، سەرنجی بەرهەمە ڕەخنەییەکانی خۆم دەدەم و لەگەڵ کارە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرانی گەلانی دراوسێ و دووردا بەراوردیان دەکەم، هەرچەندە نووسینەکانی خۆم بێ کەموکووڕی نابینم، وەلێ هێشتا بێ گەردێک لە زێدەگۆیی یان پەسنی خۆ دان، دەڵێم: ئەو گوتەیەی کە گوایە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی هەبوونی نییە یان بزرە، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە و قسەی ئەوانەیە کە بە هەڵە خۆیان پێ نووسەر و شاعیرە و وای بۆ دەچن ڕەخنەی کوردی فەرامۆشی کردوون. ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبیمان نییە، ئەدی چۆن، ئەوە سێ ساڵە، بنووسی ئەم باسە، بە هۆی پادداشتی نووسینەکانییەوە کە ڕەخنەی ئەدەبین، بژێویی خۆی دابین دەکات؟




(من بۆچی منم؟) ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکییەیە کە **(ئۆرهان پاموک)** لە ڕۆمانی **(قەڵای سپی)**دا بە دوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێت. ئەز وەها بەرسیڤی ئەو پرسە دەدەمەوە: من بۆیە منم، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسم. هەقە ئەوەیش بڵێم: **(وەک چۆن چیرۆکنووس لە پێناوی ژیاندا چیرۆک نانووسێت، لە پێناوی چیرۆکنووسیندا دەژی،)(*) منیش لە پێناوی دابینکردنی بژێویدا ڕەخنەی ئەدەبی نانووسم، لە پێناوی نووسینی ڕەخنەی ئەدەبیدا دەژیم.)**

(تاعوون)ی ئەلبێر کامو (١٩١٣ - ١٩٦٠) کە لە ساڵی ١٩٤٧دا بڵاو کراوەتەوە، ڕۆمانێکی ئالیگۆرییە، (چیرۆکی ڕەمزی) باس لەو پەتایە دەکات، کە بە شاری (ئۆران)ی باکووری جەزائیردا، بڵاو دەبێتەوە. بۆیە دەڵێم ڕەمزییە چونکە کامو مەبەستی لەو پەتایە، داگیرکردنی فەرەنسایە لەلایەن ئەڵمانیاوە. **تاعوون تیشک دەخاتە سەر خەباتی ئینسان لە پێناوی ژیاندا و لە دژی مەرگ، مەرگێک کە بە هەمان چاو سەرنجی هەمووان دەدات و هیچ جیاوازی لە نێوان تاوانبارێک و منداڵێکدا ناکات. کە ئەدەبی کامو بە گشتی دەکەوێتە خانەی ئەدەبی ناماقووڵەوە، لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە باسی ئەو ناماقووڵییەی ژیان دەکات.** لە تاعووندا کە هەم فەلسەفە هەیە و هەم



مـۆراڵ، کـامـو باس لەوە دەکـات کـە ئینسـان لە تـەنگانەدا چۆن ڕەوتار دەکـات و بۆ ئـەوە هـانمان دەدات کە هەر یەکێک لە ئێمە پێویستە خۆمان بین و وا هـەڵسـوکـەوت بکـەین کـە خـۆمـان وەک تاک دەخوازین، ئازادانە بڕیار بدەین و لە ڕەوتاری خۆمان بەرپرس بین.

بۆیە باسی تاعوونی کاموم کرد، چونکە زۆر شتی هاوبەش لە نێوان تاعوون و (قەڵای سپی)ی ئۆرهان پاموکدا کە لە ساڵی ١٩٨٥دا بڵاو کرایەوە و لەسەر ئاستی دنیا دەنگی دایەوە، هەن. پاموک لە (بەیاز قەڵا)دا، کە ڕۆمانێکی دیرۆکییە و باس و خواسی فەلسەفییانەیش دەورووژێنێت، چیرۆکی ژیانی خانەدانێکی ڤینیسایی دەگێڕێتەوە کە لە سەدەی حەڤدەیەمدا، چەتە زەریاییە تورکەکان دیلی دەکەن و دواتر لە ئەستەنبووڵ (خۆجە) کە ئەستێرەناسە، دەیکڕێت و دەیکاتە کۆیلەی خۆی. لایەنە هاوبەشەکانی دوو ڕۆمانەکە بریتین لە:

بڵاوبوونەوەی پەتا، هەڵسوکەوتی تاکەکان سەروەختی تەشەنەکردنی پەتاکە و نیشاندانی ترس و دڵەڕاوکێیان. لای کامو ڕۆژنامەنووسێک تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ کن خۆشەویستەکەی کە لە پاریس دەژی، لای پاموک خانەدانی بە کۆیلە بوو، تاسەی ڤینیسیا و خۆشەویستەکەی دەکات، وێڕای ئەمانە هەردوو ڕۆماننووس بە درێژی باس لە بوون دەکەن.

(یوسف سائیغ کەسێک بوو تەنیا، گاورێک بوو لە نێوان موسڵمانانداندا، کۆمۆنیستێک بوو لەناو بەعسییەکاندا، موسڵاوییەک بوو لەنێو بەغدادییەکاندا.)(**) یوسف سائیغ هەمان ڕێی بەدر شاکر سەییابی تاقی کردەوە و لەویشی تێپەڕاند. سەییابی کۆمۆنیست، بوو بە نەتەوەیی، سائیغی کۆمۆنیستی گاور، هەم بوو بە ناسیۆنالیست و هەم بوو بە موسڵمانیش! کارەکتەری سەرەکی قەڵای سپی، کەسێکە بە هەموو مانای وشەکە تەنیا، دیلە لە نێو ئازادەکاندا، غەریبە لە وڵاتێکی بێگانەدا و گاورە لەنێو موسڵماناندا، وەلێ کە پێی دەڵێن: (ئەگەر ببیت بە موسڵمان ئازادت دەکەین، ئەگەر نا دەتکوژین، ل ٣٤) ئەوێک کە پێی وایە، ئایین شیاوی ئەوە نییە ژیانی لە پێناودا بەخت بکرێت، کەچی لە نێوان

گۆڕینی ئاین و مردندا، دووەمیان هەڵدەبژێرێت. **خانەدانی دیل، کە ئامادەیە دەست لە ژیان و لە ئازادی هەڵبگرێت، لە پێناوی ئاییندا نییە، لە پێناوی ئەوەدایە کە دەخوازێت خۆی، خۆی بێت و لە ژێر گوشاردا بوونی خۆی لە کیس نەچێت. ئەمە ئەو مەسەلە هەرە گرنگەیە کە جێی بایەخی ئەلبێر کامویش بووە لە تاعووندا.**

(کێ لە ڤرگینیا وڵف دەترسێت؟) ناونیشانی شانۆنامەیەکی بەناوبانگی، شانۆنامەنووسی ئەمریکایی، (ئادوارد ئەلبی)یە، بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەک لە نێوان ناوی شانۆنامەکە و ناوەڕۆکەکەیدا هەبێت، ئاخر لەو تێکستەدا هیچ باسێک لە ڤرگینیا وڵف (١٨٨٢ – ١٩٤١) نییە! پاموک لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕۆمانی **قەرە** کیتاپ کە دەبێتە کتێبی **ڕەش** بڵاو دەکاتەوە، لە (قەڵای **سپی**)یەوە بۆ (کتێبی **ڕەش**)، ئەو وەک ئەدوارد ئالبی ناکات، لە خۆڕا ناو لە کارەکانی نانێت. مەبەستی لە قەڵای سپی، ئەو قەڵایەیە کە دەکەوێتە پۆڵۆنیاوە و لەشکری عوسمانی دەیەوێت بە هۆی ئەو چەکە زەبەلاحەوە کە خۆجە دروستی کردووە، دەستی بەسەردا بگرێت.



ڕۆمان هونەرێکە تایبەت بە شار، لە شاردا دەنووسرێت و هەر لە شاریشدا چاپ دەکرێت و دەخوێنرێتەوە. شیعر هونەرێک بوو، بۆ هەڵبژاردە دەنووسرا، ڕۆمان لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، ڕووی دەمی لە زۆربە بوو. جاران شیعر ئەم خێڵی لە دژی ئەو خێڵ هان دەدا و ئەم نەتەوەی دەکرد بە گژ ئەو نەتەوەدا، وەلێ ڕۆمان هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا، بانگەشەی بۆ لێبووردەیی دەکرد و ڕێزی لە جیاوازی دەگرت. ڕۆماننووس کەسێکی شارنشینی سەر بە چینی ناوەندە، کەسێکە چاوی لە داهاتووی ڕۆشن بڕیوە. دەستۆیفسکی شەیدای پەترۆسبورگ بوو، قاهیرە شوێنی ژیانی کارەکتەرەکانی نەجیب مەحفووز بوو، جیمس جۆیس پێی وابوو، بۆ ئەوەی جوان لەسەر دیبلن بنووسێت، پێویستە لێی دوور بکەوێتەوە، چارڵس دیکنز خەریکی نووسینەوەی لەندەن بوو. لە ڕۆمانی (بەفر)دا، شوێن شاری قارسە، وەلێ ئەستەنبووڵ لە زۆربەی کارەکانی دیکەی (ئۆرهان پاموک)دا، کارەکتەرێکی سەرەکییە.

لە (قەڵای سپی)یشدا، شوێن هەر ئەستەنبووڵە، ئەستەنبووڵی سەدەی حەڤدە کە

**(پەتایەک وەک سەرسەرییەکی بێ ئامانج بە شاردا دەسووڕێتەوە،** ل ١٠٧) کە تێیدا دوو کەسە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە، بەردەوام بیۆگرافیای خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و لە ڕێی ددانپێدانانەوە، ڕەخنەی توند لە خۆیان دەگرن و لە هەوڵی ئەوەدان، ناخی خۆیان پاکژ بکەنەوە، خودی خۆیان بدۆزنەوە و هەر یەکێکیان لەوە تێبگات کە (ئەو بۆچی ئەوە؟) **پاموک لە قەڵای سپیدا، لە ڕێی تەکنیکگەلی گێڕانەوەی ژیاننامە، مۆنۆلۆگ، خەون و مۆتەکەوە، فێرمان دەکات، خودی خۆمان بڕیار لەسەر ڕەوتار و هەڵوێستەکانمان بدەین و لێ نەگەڕێین، ببینە بووکەشووشە و هێزێکی دەرەکی بمانبزوێنێت.** وەک چۆن (نورا)ی کارەکتەری سەرەکیی (ماڵی بووکەشووشە)ی هەنریک ئیبسن (١٨٢٨ - ١٩٠٦) بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەی خۆی، ماڵ جێ دەهێڵێت، پەیامی قەڵای سپی ئەوەیە، سەرقاڵی دۆزینەوەی خودی خۆمان بین. ماڵی بووکەشووشە کە لە ١٨٧٩دا نووسراوە، نموونەیەکی باڵای ئەدەبی مۆدێرنە، وەلێ قەڵای سپی ڕۆمانێکی پۆستمۆدێرنە.

زۆرن ئەوانەی توانای گێڕانەوەیان هەیە، کەمن ئەوانەی بە هۆی گێڕانەوەوە چیرۆکی هونەری دەخوڵقێنن. ڕاستە چیرۆک هونەری گێڕانەوەیە، وەلێ ئەرکی سەرەکیی داهێنەر بە تێکستی ئەدەبی کردنی، گێڕانەوەیە. نووسەر ڕەنگە کەسێک بێت کە تەنیا توانای نووسینەوەی بیۆگرافیای خۆی هەبێت، وەلێ داهێنەر، وێڕای نووسینەوەی هونەرییانەی ژیاننامەی خۆی، توانای خوڵقاندنی دەیان و بگرە سەدان کارەکتەری هەیە. سەرنجی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلستۆی (١٨٢٨ - ١٩١٠) بدەن، دەڵێیت کەرنەڤاڵی کارەکتەرە. ئۆرهان پاموک یەکێکە لەو نووسەرە داهێنەرانەی توانای خوڵقاندنی کارەکتەری نەمریان هەیە، ئەوە بۆیە ئەوی قەڵای سپی بخوێنێتەوە، ئەستەمە هەرگیز خۆجە و کۆیلە ڤینیسایییەکەی لە بیر بچێتەوە. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی نێوان گێڕانەوە و تکێستی هونەری ئەوە بێت، یەکەمیان پشتی بە واقیع قایمە و دووەمیان زادەی خەیاڵە، یان دەتوانین بڵێین، یەکەمیان ڕووداوی ڕاستەقینە دەکات بە سەرچاوە و دووەمیان، گۆنتەر گراس گوتەنی: جۆرێکە لە جۆرەکانی درۆ، ئاخر ئەوی نووسین بکات بە پیشە، ناچار دەبێت، درۆیش بکات. **(ڕۆمان نە لە بازنەی هیچ پێناسەیەکدا گیر دەخوات، نە مل بۆ هیچ ڕێسایەک کەچ دەکات، ئەوە بۆیە ژان ڕیکاریۆ کە ڕەخنەگرێکی فەرەنسایییە، دەبێژێت: ڕۆمان نووسینەوەی سەرکێشی نییە، سەرکێشییە لە نووسیندا.)**(***)

**(غەریب پشدەری)** هەر شاعیرێکی چاک نییە، وەرگێڕێکی چالاکیشە، چونکە لە یەکدی جوداکردنەوەی شیعر و زاری دایک، کارێکی ئاسان نییە، ئەوە ئاساییە بە هۆی زمانی




شیعرەکانییەوە، بزانین خەڵکی کام دەڤەرە، وەلێ کاتێک ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەیش کە لە فارسییەوە تەرجومەیان دەکات، دەخوێنینەوە، ئەگەر پاشناوی (پشدەری)یەکەیش بە ناوەکەیەوە نەبێت، هەر هەست دەکەیت، خەڵکی ئەو دەڤەرەیە. **(بەکر شوانی)** ئەو وەرگێڕە لێزانەی کە بێجگە لە **(قەڵای سپی)** هەردوو ڕۆمانی **(بەفر)** و **(من ناوم سوورە)**ی وەرگێڕاوە و خەریکی تەرجومەکردنی کارەکانی دیکەی ئۆرهان پاموکە، هەمیشە نا، هەندێک جار ئەگەر پاشناوی (شوانی)یش بەناوەکەیەوە نەبێت، هەست دەکەین خەڵکی دەڤەری گەرمیانە. وا بزانم هەقە ئەوە جێی مشتومڕ نەبێت کە وەرگێڕان پێویستە بە زمانی ستاندارد بکرێت، نەک بە شێوەزار، یان بنزاری ئەم یان ئەو ناوچە. **زمانی ستاندارد و سەرکەوتوو، ئەو زمانەیە کە خوێنەر هەست ناکات، نووسەرەکەی خەڵکی کام دەڤەرە.** بە هۆی ئەو زمانەوە کە شیعری پێ نووسیوە، دەرک بەوە ناکەین (نالی) شارەزووری بووە، بە هۆی ئەو زمانەوە کە ڕۆمانی یەشار کەمالی پێ وەرگێڕاوە، هەست بەوە ناکەین (شوکور مستەفا) گەرمیانی بووە، بە هۆی ئەو زمانەوە کە قورئانی پێ کردووە بە کوردی، بەوە نازانین (هەژار) موکریانی بووە.

*

(*) ئۆرهان پاموک، قەڵای سپی، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی، ل ٢٤ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

(**) علي بدر، ٣ سنوات على الرحيل ٢٠٠٨/١٢/٢٠ الحياة.

(***) د. جابر احمد عصفور، إبتدأ زمن الرواية، الرواية العربية، ممكنات السرد، أعمال الندوة الرئيسية لمهرجان القرين الثقافي الحادي عشر، ص ١٥٥ المجلس الاعلى للثقافة والفنون والآداب ٢٠٠٨ دولة الكويت.